**سیره:٢٨**

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر)، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

دەرسی ئەوڕۆمان بەحسی ئیخڕاجە، کە لە کوتوبی سیرە بە هیجرە ناوی بردرایە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر جەمعی صەحابە هیجرەیان کردبی لە مەککە لەبۆ مەدینە، عیلمەن لە قورئان رب العالمین ناوی ئائەو حەرەکە و نەشاطەی بە ئیخڕاج بردییە، فە عینوانی ماددەمان لە جیاتی هیجرە ئیخڕاجە، ئەوە عینوانی ماددەی ئەوڕۆیە.

لە دەرسی پێشترێ لە خزمەتتان بەحسی ئەوەمان کرد کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە لیقائی ئەخیری لەگەر جەمعی ئەنصاریی زەمینەی دروستکرد لەبۆ دەولەتی ئیمان، دولة الله لەسەر کوڕەی ئەرض، وە لیجنەی پەرلەمان و وزەرائیش تەشخیص کرا، وە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بووە زەعیمی ئەو مەجموعەیە، وە وەسیط بەینی مەجموعە بەینی ئەو جەمعە موئمینە لەسەر کوڕەی ئەرض، وە مومەثیلی وان لەلایەن (رب العالمین)ەوە، فەرمووی ئەنگۆ کەفیلن لەسەر جەمعی موئمینینی مەنطیقەی خۆتان، ئەمنیش کەفیلم لەسەرەنگۆ بەرامبەر رب العالمین، تەحدیدی مەسئوولیات کرا، تەوزیعی ئەدوار کرا هەریەکە حەقیبەی ویزاری خۆی درایێ وفقی کەفائەی ئیمانیی.

دوایێ بەحسمان کرد کە شەیاطین مەسجوون بوون مەحصوڕ بوون لەو عەمەلیەیەی، کە پێیان زانی ئیعلامی ئاگاداری نەفەرەکانی خۆیان کرد لەناو کافرەکانی ناو قوڕەیش، بەحسی ئەوەشمان کرد کە کو مەلائیکەت وەحی دەینتە خوارێ ئەوها شەیاطین عیلاقەی موباشری لەگەر جەمعی ئەولیائی خۆی هەیە و هەبووە قەدیمەن، کە گوتمان یەك لەوانە لەو شەیاطینانەی سریع الحركة و بە نەشاط ئیتیصالی موباشری کرد لەگەر زوعەمائی قوڕەیش، وە لە زوعەمائی قوڕەیش لیجنە تەکوین بوو تەشکیل بوو، لیجنەکە هاتن وەکو وەفدەك ئیسپاتی دەعوای شەیاطینی جن بکەن، کە فیعلەن ئایا ئەو حالەتە بووە ئەو لیقائە کەونییە بووە بەینی محمد وە بەینی جەمعی ئەنصاریی یەثریبی، ئەثەری شەیطانیش لێرە کە لەبۆ ئەولیائی خۆی لەبۆ جەماعات و عەناصڕی خۆی لە نەشاط دایە، کەفائەتی لە سەدا سەدە هەموو وەقتەك هەموو ئانەك، موحتەمەلە أولياء الرحمن کە (عبادالرحمن)ن کە

جەمعی موئمینین بنوون، ئیحتیاجیان بە ئیسراحەت ببی، ئەمما ئەوان طاقەو جوهدی خۆیان لە نەشاطی خۆیان وەربگرن بەئیستمرارى چەند ئیش بکەن ئەوها نەشاطیان زیاتر بی.
ئەثەری ئەو شەیاطینانە جنییانە لەسەر شەیاطینی ئینس کە جەمعی وەفدی قورەیشی بوو، وەلید بن موغیرە و ئەبوجەهل و ئەبولەهەب و عوتبە و شەیبە و مەجموعەکیتکە، پاشان کو سەعد بن موعاذ گیرا ئەزیەتیاندا، دیسان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تانی بە عەبقەریە ئیمانییەکەی خۆی عەن طەریقی عەقلی نەبەوی بتانی دیسان سەعدیش قورتار کا بەبێ ئەوەی خۆی موباشر تەدەخول بکا، ئائەوانە هەموو کرا، کە ئەو جارو مەجرورە بوو ئەو هاتوچونە بوو لەلای جەمعی قورەیشیین ئیسپات بوو کە فیعلەن لیقاء بووە، لیقائەك موعەییەن دروست بووە بەینی پێغەمبەر و بەینی جەمعی یەثریبی ئەهلی مەدینەی موستەقبەل.
وە ئەو لیقائە ثەمەراتی دەبی موستەقبەلەن، هەر لە نزیك زەمەنی نزیك ئەوەیە معەسکەری تازە دروست دەکا لەبۆ ئەهلی ئیمان لە خاریجی مەککە، نەك حەبەشە ئیننەما هەر نزیك مەککە بە چەند سەد کیلۆمەترەك، جەمعی ئیمان لەو معەسکەرە بتانن خشتی یەکەمی دەولەتی ئیمان دابکوتن، وە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە موستەقبەل لەبۆی ببتە مەوقیعەکی جوغرافی ئەرضیی لەوێوە ئینطیلاق بکا، وفقی خەریطەی خوایی، کە ئەگەر هاتوو تانی محمد صلی الله علیه وسلم ئیرادەی خوای بینتە وجود حەتمەن لە ضەرەری وان نیهایەتی دێ، لۆیێ یەکەمین شت کە کرا ئیعلانی حالەی طوارىء کرا لەناو هەموو جموعی جەزیرەی عەرەبی، حال طوارىء من نوع خاص، هەرچی قەبائیلی عەرەبە دەبی وەفدی لە مستەوای زوعەماء یاخود نوواب بنێرتە ناو موئتەمەرەك دەکرێ لەناو مەککە لەبۆ دیراسەی ئەو حالە، ئەو موستەجەدداتانە، ئەو شتە طارىء و تازانەی کە دروست بووە لەناو جەزیرەی عەرەبی، زوو ئیستیدراکیکەن زوو پێی رابگەن، لۆوەی فیعلەن ئەوە ئەگەر بە موشکیلە دادەنرێ موشکیلەکە گەورەتر نەبی، ضەخمتر نەبی، ضەرەری زیاتر نەبی لەبۆ ئەهلی مەککە و موشرکین، لە زەمان و مەکانی موعەییەن لەناو نادی قورەیش لەناو مەککە موئتەمەرەکە بەسترا بە قیادەی ئەبو جەهل و دیسان شەیبە و عوتبە و نظرو بن الحارث ئەبولەهەب وئەبوسفیان وە جموعیتکە لە زوعەماء و قەبائیلی عەرەب کە لە خاریجی مەککە بوون.
لیقائەك ضەخم وە شەیطان خۆی لە پێش دەرکە مەوجود بوو، بە بەدەنی خۆی بە جسمی بەشەریی مەوجود بوو موشارەکەی ناو موئتەمەری کرد، بەلکو ئەو ئەوراقی تەقدیم دەکرد شەیطان ئیبلیس ئەو تەحویلی مەواضیعی دەکرد و موناقەشەی لەسەر دەکرد، و کامیان صائیبن کامیان ئەصەبن کێهانیان چاك و کێهانیان چاکترە، بە چاکترین ئوسلوب بتانن مواجەهەی ئائەو حالەتە بکرێ کە لەناو جەزیرەی عەرەبی موستەقبەلەن روودەدا، هەتا لە ئەثنای چوونە ژورێ یەك لەو زوعەمایانە تەماشا

دەکا ئەو نەفەرە غەریبە ئەو شەخصە مەعروف نییە نەیاندیتییە قەدیمەن، یەکسەر یەقەی دەگری لەوی وابی ئەوە یەك لە مومەثیلینی پێغەمبەرییە موحتەمەلە ئەخباری نەقل کا لەبۆ پێغەمبەر، یەکسەر گووتی شیخ من نجد، هاتیمە شێخەکم خەلکی نەجدم هاتیمە موشارەکەی ئەو مەوضوعەتان بکەم لۆوەی ئەو کابرایە کو دوژمنینگۆیە دوژمنی منیشە، ئەمنیش موشارکە بکەم لە خطە دانان لۆوەی بتانین کو مواجەهەی ئەو حالەتە بکەین کە دروستی دەکا.

پاش دانیشتن هەریەکە ئیقتیراحاتیان تەقدیم کرد، پاشی دیراسەی مەوضوع محمد صلی الله علیه وسلم تانیتی بوقعەکی جوغرافی لەناو داخیلی جەزیرەی عەرەبی نەك وەکی جاری یەکەم حەبەشە، ئیننەما ئێستا لەناو جەزیرەی عەرەبی چەند سەد کیلۆمەترەك لە مەککە دوورە، بتانی مەوقیعەك لۆ خۆی دروست بکا لەچ مەنطیقەك لەو مەنطیقەی کە فیعلەن ئیقتیصادییەن نزیکترین مەوردە لەبۆ مەککەیی، چونکی هەرچی زراعەت و گەنم و خورما و مەوادیتکە ئینتاجی ئەرضییە لە عارد ئینتاج دەکرێ، ئەگەر بهاتبا مەککەیی لە خاریج ئیستیرادیان نەکردبا لە مەدینەیی دەیان کری، ئەوە ئیقتیصادییەن، ئەوە نوقطەکی حەریجە لەبۆ مەککەیی خاصەتەن توجار و دەولەمەندەکان، ئەگەر هات و محمد تانی فیعلەن قەواعید لەوێ دروست بکا دەتانی حیصاری ئیقتیصادیش باوێتە سەر مەککەیی، ئەو وەختی مەککەیی غەلاء گرانی دروست دەبی قات و قەحط دروست دەبی، زەرەر دەکەن، مەصدەرەکی ئیقتیصادییان لێ قەطع دەبی.

ماعەدای وەی سەر رێی قافلەو مەسیری تیجاری بەینی مەککە و بەینی شام بە مەدینە دادەروا، ئیذەن هەرچی قەوافلی تیجاریانە لەشام لە حمص لە حەما لە دیمەشق بەرێ بکەوی لەبۆ مەککە لە خطورەت دایە، ناتانن تەئمینی شەری موستەقبەلیی محمد بکەن، ئیذەن شریانی بربرەی پشتی عەمودی فەقەری تیجارەتی قورەیش کەتە بن دەستی محمد موستەقبەلەن، دەبی دیراسە بکرێ، سیاسییەن مەقامی مەدینە یەثریب پاشی مەقامی مەککە دێ لە بوعدی بەشەرییی، چ شارەك بەقەد مەدینە عەدەدی ضەخمی نفوسی تێدانییە، لەسێ هەزار تا پێنج هەزار نەفەری تێدا مەوجودە، لە عەینی وەقت ئەغلەبیشیان عەرەبن.

بەحسی ئەوس و خەزرەجمان کرد ماعەدای وەی ثوقلی جالیاتی غەیری عەرەبی لەوێ لە یەهود گەورەترین ضەخمترین عەدەدن، وە فیعلەن موتەحەکیمیشن بە سیاسەی ئیقتیصادیی و تیجاریی و ئیجتیماعیی هەرچی ئەبعادی بەشەری و حەیاتی هەیە موهەیمەنن یەهود لەسەری، بەنی قەینوقاع، بەنی نەظیر، ئەوانەمان بەحس کرد پێشی سێ چار دەرس، ئیذەن ئەو وەختی ئەو بوعدە بەشەرییە هەموو لە کیسیان دەچی چونکی هەرچی وفودی حەج بوو لە مەدینەوە دەهات یان لە ئەطرافی مەدینەوە دەهات، لەمەو پاش دەکەوتە تەحتە خطورەتی ئەثەری ئیمانیی محمد صلی الله علیه وسلم.

ئیذەن ئەوانە هەمووی قەطع دەبن لێیان، ماعەدای ئەوەی موحتەمەلە ئەوانە هەموویان هەتا ئێستا برادەر و دۆست و ئەحباب بوون، کە ضخوتی عەسکەرییان لەبەرامبەر یەك لۆ دروست بایە پەنایان دەبردە قورەیش، لە قورەیش لە چەك و سیلاح و ئەوانەیان وەردەگرت بەقەرد، لەمەو پاش ئیحتیمالی ئەوەی هەیە ئائەو نەفەرانەی کە وەلائیان لەبۆ قورەیش دەردەبڕی ئێستا ببنە جنودی محمد ضدی قورەیش ڕابوەستن، ئیذەن خطوڕەتی عەسکەریش هەیە.

خطوڕەتی سیاسی جەزیرەی عەڕەب هەتا ئێستا مەدین بوو سەر شۆڕ بوو لەبۆ قیادە و زوعەمائی قورەیش، حەتتا دینییەن چونکی دەیانگۆ هەرچی ئەصنام هەیە نەفەرەکی گچکۆکە لە بنیتی، ئەو نەفەرە کلیلەکەی پێیە دەتانی خوای ئائەو صەنەمەی ئیقناع کا، لەمەو پاش محمد تانی فیعلەن هەرچی عقول هەیە ئیمانی لەبۆ نەقل کا، ئیذەن عقولەکان لەمەو پاش ئیعتیڕاف بە ئەصنامەکانی قورەیش ناکەن، ئیحتیمالی زۆریش هەیە لە موستەقبەل ببنە دوژمنیان دوژمنی ئەو ئەصنامانە، ئیذەن حەتتا بوعدی دینیش، محمد خطوڕەتی دروست کرد لەناو مەدینە، ئەو هەموو ئوموڕانە دیراسە کرا لەناو موئتەمەری قورەیش لەناو نادی لەناو بەیت.

حەل چییە؟ گوتیان حەل ئەوەیە ئەمە لەگەر ذاتی مەصدەڕی دەعوە، مەصدەڕی فکر، مەصدەڕی طەڕح چییە ئەمە ئەوی قەطع کەین، ئەوە ئەوڕۆش بە سیاسەتی تجفیف (الینابیع)ی پێ دەرێن کانی لە کێندەرێ ئاوی لێ هەلدەقورێ نەك لە نیهایاتی لە مەنبەعی، لەچ جێیەکی کانییەکە ئاوی لێ هەلدەقورێ ئائەوەی قەطع کەن، ئائەوی بگرن، ئەو وەختی هەرچی فرۆعاتی کانییەکەیە هەمووی لە جێی خۆی هیشك دەبی ئەو ئوسلوبە ئیسیتعمال بکرێ، چ بکەن باشە یەکسەر جوللی ئەضواء رۆناکی و تیشك بکەنە سەر ذاتی محمد، ئەو مەصدەڕە، ئەگەر هات جموعی موئمینین لەو قەطع بوون ئەو قەطع کرا لەو جموعە موئمینانە، ئەو وەختی نە مەدینە یەثربی ئێستا نە مەککەیی ئی موئمینین وە نە عاردیتکەش ئائەو حالەتەی لەبۆ دروست نابی.

وە قەطع دەبی مەشاکیل و فیتەن کوللەن نیهایەتی دێ، عەڕەب لەویەوە لە پاشی ئەو موئتەمەرەی ئەگەر ئیقراڕی لەسەر بکرێ هەتا زەمەنی مابی هەر لە راحەت و خۆشی دا دەژی، زیمامی ئوموڕ هەمووی لەبن دەستی خۆیتی، لۆیێ زۆر ئیقتیڕاحات کرا هەمووی بالنتیجة گەیشتە ئەوەی ذاتی رسول الله صلى الله عليه وسلم عیلاج بکرێ، ئەویش بە مەڕاحیل، بە موناقشە گەیشتنە نەتیجەی وەی ئایا تەصفییەی جەسەدی بکەن، ئیغتیالی بکەن، یاخود سجنی بکەن، یاخود نەفی بکەن لەبۆ ربع الخالي، لە ئەسنای موناقەشە طەبعەن لەو هەموو موداوەلاتانە، شەیطان کە ذاتی خۆی مەوجودە، ئەخذو عەطاء دەکا، ئەوە باشە ئەوە خراپە ئەوە رەفع دەکا ئەوە کەپس دەکا بە کەیفی خۆی عەقلی ویی لەوان موتەمەکینترە.

دائیمەن بە گێی ویان دەکرد، بالنتیجة کە ئیقناعیانی کرد شەیطان فیعلەن ذاتی محمد مشکیلەکەیە ئەو عیلاج بکرێ، هەموو هاتنە سەر ئەو ئیقڕاڕەی، باشە ئێستا کو عیلاج بکرێ ذاتی محمد، عیلمەن مەجموعەك هەیە قەڕابەتیان هەیە لەگەری، مەجموعەك عیلاقاتیان هەیە لەگەری، لەوانە ئەوەی کە قەڕابەتی هەبی گووتی بابە سجنی دەکەین، ئەو وەختی سجن هەبووە، طەبعەن جیهازی شوڕطە و ئەوانە هەموو مەوجود بووە ئەو وەختیش، سجنی دەکەین، سجنی ئەو زەمانی ئەوهابووە کە کابرا حوکمی سجنی لەسەر دەدرا سجنی ئینفیڕادی هەتا دەمری دەبی لەو سجنەی بمینێ، مەجموعە شوعەڕائەکیان ئەوها لێکرد، وەکو نابیغە وەکو زوهێر لە سجن کوشتیان، خواردنی دەدەنێ کابرا هەر بەو تەنیایەی دەمینێ سی ساڵیش بمینێ موحتەمەلە بمری، لۆیێ لە حوکمی ئێستای ئەڕضی پێیدەگوترێ سجنی ئەبەدی.

شەیطان گۆتی نەخێر مەعقول نییە ئەوە، چونکی لە قانونی سجنەکانیان سەقفی سجنەکەی مەفتوحە، موحتەمەلە ئائەوانەی کە ئیمانیان بە محمد هینایە ئەمە دەزانین چەند ئەو (محمد)ەیان خۆشدەوێ دێن بەشەو بەهەر ئوسلوبەك بی ئاوابن لە دیوار، سەقفی نییە، سجنەکە محمد دەربینن بەهەر چ طەڕیقەکی بی بیبەن لۆ ئەو جێیەی کە دەیانەوێ، شەیطان گۆتی ئەو خوطەیە ناجیح نییە ئێتکە بینن، گۆتیان نەفی دەکەین لەبۆ ربع الخالي، بە حوشتر دەینێرین لەوێ بەجێی دێلین دەگەڕێینەوە، ربع الخالیش هەر بەشەرەك هەشت سەعات تێیدا بمینێ فەوتانی ئەکیدە، ناوی لەگەر خۆیتی، ربع الخالي، خالي من الأحياء، گۆتی ئەویش نا ناجیح نییە ئەحبائی لێرە هەنە موئمینن پێی حەتمەن موتابەعە دەکەن، کە موتابەعەیان کرد بە خوای موحتەمەلە پاشینگۆ بچن بیهیننەوە ئەویش حەل نییە رەفظی کرد.

حەلی چ؟ کەس عەقلی بەوەیدا نەشکا ئەمری قەتلی ئیغتیالی پێغەمبەر دەر بکەن، ئەو گۆتی بابە باشترین حەل بەمن ئەوەیە ئیغتیالی بکەین، پێیان سەیر بوو، غەلبە غەلب دروست بوو، گۆتی نا سەهلە، چونکی عبدالمناف مووددەعی پێغەمبەرینە ئەگەر پێغەمبەر مرد بەنی عبدالمناف هەمووی شیر هەردەگرن ضدی ئەو فیئەیەی کە پێغەمبەری کوشتییە، ئیذەن قەتل و قیتالەکی زۆر دروست دەبی خینەکی زۆر دەڕژێ، ئەوەش هەموو قوڕەیشن ئەو جەماعەتە یەعنی لەناو بەینی عمومەی خۆیان مەشاکیلیان دروست کرد، شەیطانە زیرەکە عەقلی هەیە، گۆتی نا سەهلە بەبێ ئەوەی مەشاکیل دروست ببی لە هەموو ئەفغاذی قوڕەیش گەنجەك ئیختیار دەکەین، بە قیادەی ئەبولەهەبیش، مامیتی، ئیذەن خۆی موستەعیدە خینی برژێنی مامیتی ئەبوطالبیش مردییە کەس ئێستا صاحێبەتی ناکا، کە ئەو نەبووە صاحێبی خینی کەس ئیدیعای خینی ناکا، هەموو دەچین پێکەوە بەیەك وەقت لەیەك جێ شیرمان بەیەك وەقت لۆوەی فیعلەن هەموومان قاتیل بین.

ئەو وەختی بەنی عبدالمناف ناتانی بەرامبەر ئەو هەموو قەبائیلانە ڕاوەستی مەجبور دێن مفاوەضات دەکەن، مفاوەضات چییان طەلەب کرد دەیان دەینێ، موشکیلە نییە، ژنیان ویست هەر دەیان دەینێ، پارەیان وویست هەر دەیان دەینێ، لەسەر وەی ئیتیفاق کرا و تەوقیع کرا، ئائەو شەو دەبی تەطبیق بکرێ.

لەوان وابی رب العالمین ئائەو حالەتانە تەصویر ناکا رسم ناگری، وە ئەو حالەتانە لەبۆ خۆشەویستی خۆی نەقل ناکا، دەفەرمووێ لە سورەتی ئەنفال ئایەتی سی: (وإذ یمکر بك الذین كفروا لیثبتوك أو یقتلوك أو یخرجوك) (الأنفال٣٠)، تەقریری هەموویانی نەقل کرد بە دوو سێ کەلیمە عیبارەی مەقطوع، ئەمما نەتیجەش دەدا خۆی موهەیمینە وە خۆی مەوجودە و موطەلیعە لەسەر ئەحداث، ئائەوەش مومەثیلی خوایە لەسەر وجود وە وەسیطە لەبۆ بەشەرییەت کو بەجێی دەهێلی و ئیهمالی دەکا، نەتیجەی نیهائی دەدا رب العالمین هەر لە عەینی وەقت، (ویمکرون ویمکر الله)، تەماشاکەن یمکرون ئائەو ئەقزامانە ئەو تەوافیهانە یمکرون، با شەیطانیش مەوجود بی، ئەمما بالمقابل ویمکر الله، ئەو هەموو قووەتە ئەو هەموو جەبەڕوتە ئەو هەموو کبریائە عەظەمەتە، و یمکر الله، نارێ مەلائیکە، نارێ موئمینین، و یمکر الله، خۆی موهەیمنە خۆی ئەو هەموو ئەحداثانەی تەصویر کرد لەبۆ حەزرەت نەقل دەکا، بەو نەوعەش خۆی دەخیلە خۆی مەوجودە، خۆی موهەیمنە لەسەر ئەحداث، ویمکر الله پاشان نەتیجە (والله خیر الماکرین).

یەکسەر ئەمری لۆ دەرچوو هەستە مەمینێ حەزرەت صلی الله علیه وسلم لە ماڵێیە خۆی جەم کرد، پێشی تەقریبەن دوازدە سێزدە دەرس بەحسی ئەوەمان کرد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دوو موهیممەی هەبوو پێشی نبووەت، ئەویش دوو موهیممەکە رب العالمین دابوێ لۆوەی جەلبی ئەنظاری هەموو ئەوساط بکا، هەموو ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو خۆشەویستە تێیدا دەژی هەموو سەحبی چاوەکانیان بکا لەبۆ ذاتی رسول الله صلی الله علیه وسلم، کە ئەو صیفەتانەی تێدایە، یەکەمین صدق، دووەمین ئەمانەت، بەحسمان کرد کە تاجیر بوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، پاشان زەواجی بوو لەگەل خەدیجە، ملیۆنێرە بوو، ئائەوانەی کە لە ئەسنای نبووەت دە ساڵە موعانەدە و موحارەبەی دەکەن لایەزال هەر بە ئەمینیان دانابوو، لۆیێ لەناو مەککەی بانق نەبوو بەس پێغەمبەر نەبی صلی الله علیه وسلم، هەرچی ئەموالی قورەیشە لە زێڕ و زیو و پارە هەمووی لەکن پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لە ناو مودەرەجات داندرا بوو، هەر نەفەرەك ناوی خۆی تێدا نوسرا بوو، لۆوەی خۆیان لەسەر خۆیان ئیسپات کەن ئائەو ذاتەی کە فیعلەن بەو نەوعەی ئەمین بی.

عیلمەن هەر نەفەرەك لە ذاتی خۆی ئەمانەتی بەرامبەر عائیلەی خۆی نییە لە عائیلەی خۆی ئەمین نییە، لە کوڕی خۆی لە ژنی خۆی ئەمین نییە، لەو ذاتەی ئەمینە کە ناوی (محمد)ە، ئەوجا ئەو

کردیتییە بانقی خۆی ئەمانەتی ماددی لەکن دانایە، رب العالمین ئەوهای لێکردییە، کو دیسان عەینی ئەو ذاتە ئەمانەتی ئاسمانیشی پێ تەسلیم ناکا، ئەگەر ئەو بتانی سەیطەرە لەسەر شەهواتی خۆی ماددی بکا، مەعلومتانە هەموو کورەی ئەرض لەسەر پارە مەشاکیل و فیتەنە، بتانی ئەو ئیرادەی هەبی بەرامبەر ماددە رابوەستی، فیعلەن ئەو قووەتەی کە بەرامبەر ماددە رای دەگری نەفسی ئەو قووەتەیە ئەمانەتی ئاسمانیشی پێدرایە، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بانق بوو، دەبا وفقی ئەو ئەمانەتەش کە ئەمری پێکرا جێی جوغرافی خۆی بگۆری دەبی ئەو ئەمانەتەش هەریەکە بچتە دەست صاحێبی خۆی، مەجموعە پارەکی زۆریشە هەموو ناوەکانیان نووسرایە موشەخەصە، لۆیێ هەر یەکەمین جار فکری لەوەی نەکرد ئەموالی مەنقولە و غێر مەنقولەی خۆی چ لێبکا، ئیننەما ئی عالەم.

یەکسەر قائیمەی تەسلیمی بەدیلی خۆی کرد کە عەلی بن ئەبی طالب بوو، لە ماڵێ ئەو شەوە مەوجود بوو، کە ئەو قائیمەیە فلان ئەمانەت بەو رەقەمەی ئی فلانییە، ئەوە ئی فلانییە پاشی من تەوزیعیان دەکەی، لە عەینی وەقتیش ئەتوو لە جێی من دەنووی درێژ دەبی نەفسی ساقۆ و پالتۆی پێغەمبەر بەخۆت دادەدەی، لۆوەی فیعلەن موقابیل بزانن حەرەکە هەیە لەناو لەبن ئائەو قاپوت و پالتۆیەی، بزانن حەییەك هەیە لە بنەوەی مەوجودە، تەحەددییەکی نەوعییە، ئەوە تەحەددییەکی وجودییە کە الله مع وجودي هؤلاء مع وجودي علي بە بوونی عەلی لەبن ئەوەی، یەعنی هەم پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەحەددا دەکا ئەمن نەفەری ئەوهام دروست کرد، ئەها تەفدییە بە ذاتی خۆی بکا لە جیاتم، چونکی موتەئەکید بوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەلای (رب العالمین)ەوە تەقاریری لەبۆ نەقل دەبوو، کە بەس پاڵتۆکەی لادەن یەك مەجموعە شیر سەیف دێتە خوارێ، موتەئەکید بوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەوەی ئەو تەقاریرانە هەمووی لە جبریلەوە لەبۆی نەقل بووە.

ئەمما (ویمکرون ویمکر الله) ئائەوە حیمایەیە، لۆیێ نەفسی شت بە حەزرەتی عەلی فەرموو ئەوان دێنە ژوورێ ئەمما هیچ ترست نەبی، لۆیێ ئیمامی عەلی پاری داوە بێ ئەوەی خەوفی هەبی خەوی لێکەت، ئیطمیئنان ئیمان دروستی دەکا، لە عەینی وەقتیش تەحەددی نەوعیی دی هەر لە پێش چاوی وان، رب العالمین ئەمری پێ دەکا برۆ دەرێ، چونکی قورەیش لە موئتەمەر زەمان و مەکانی ئیغتیالی پێغەمبەریان دانا، شەو سەعات دوازدە، هەموو مەککە هەموو خەویان لێکەتییە قەرارەکە سرییە پێکەوە بچن ئیحاطەی ماڵی پێغەمبەر بکەن، نەوەك بەشەرە لە پەنجەرەکی گچکۆکەش دەرچی، لە ئەثنای هەست و نووستی عالەم نەمینێ ئەو وەختی ضەربەی خۆیان بوەشینن.

ئەمما دیسان (ویمکرون ویمکر الله والله خیر الماکرین)، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەمری پێ دەکرێ دەرچە، دەردەچی یەکسەر هەر لە ئەسنای دەرچوونی سورەتی(یس) دێتە خوارێ: (یس،

والقرآن الحكيم، إنك لمن المرسلين، على صراط مستقيم تنزيل العزيز الرحيم، لتنذر قوما ما أنذر آباؤهم فهم غافلون)، ڕەحمەتی لە طائیفی کەلیمات لەو حالەتەی لە (رب العالمين)ەوە لەبۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم حالەتی وان کوو تەصویر دەکا، یەعنی كأنه عوذریان دەداتێ (لتنذر قوما ما أنذر آباؤهم فهم غافلون)، غەفلەتیان هەیە لەو حەقائیقانە غافلن، لۆیە ئەوهات لێ دەکەن، (لقد حق القول على أكثرهم فهم لا يؤمنون، إنا جعلنا في أعناقهم أغلالا فهي إلى الأذقان فهم مقمحون، وجعلنا من بين أيديهم سدا ومن خلفهم سدا فأغشيناهم فهم لا يبصرون).(سورتی یس١- ٩)

چاو، خودا دروستی کردییە طاقەش خودا دایتییە چاو پێی ببینی، قادریشە دەرەجاتی ئەو چاوەی بینتە خوارێ نەبینی، یان بش بینی کەم ببینی، دەشتانی وەیلێبکا لێرەوە لەندەن ببینی، خودا خالیقە، چاو وەك هەموو کەون و هەموو وجود ئایاتن بە دەستی رب العالمين، هەموو مەعایری بە دەست (رب العالمين)ە، لۆیێ لەو حالەتەی بە طەبیعەتی بەشەریی خۆی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە دەرکەی دێتە دەرێ، وە هەر لەبۆ موحتەمەلە كأنه سوخرییە پێ کردنیان قیچەك ڕەمل قووم هەلدەگری و هەردەدا بە چڕو چاویان بە جێشیان دێلی و دەڕوا، پاشی فەترەکی زۆر هەر شەوە کابرایەك ئەمنیانە موراقیبە لەسەر ئەو مەساحە و مەسافەیەی کە لە گەرەکی پێغەمبەری، نەوەك ئێهـ بەشەرە صەحابییەك موئمینەك پەیا ببی دیفاع لە پێغەمبەری بکا، لەولای ڕا پێغەمبەری دەبینی یەکسەر دێ دەلێ لۆ نەتان کوشت؟ کێمان نەکوشت پێغەمبەرتان نەکوشت، ئاخە کو بیکوژین جارێ نەهاتە دەرێ بابا هاتە دەرێ و چووش، ئاخر شەڕینە تەحەددای خوای دەکەن؟ تەمەشای چی لێکردینە تەمەشای چڕو چاوتان کەن، ئەوها دەکەن هەمووی لم و تۆزە، هجوم دەکەنە ژوورێ تەمەشا دەکەن فیعلەن هەیئەتەك حەیاتەك کائینەك مەوجودە لەبن ئەو قاپوتەی برندی دەکەن تەمەشا دەکەن عەلییە.

لۆیێ بە عەینی وەقت هجوم دەکەنە ماری ئەبو بەکر، بە عەینی وەقت هجوم دەکەنە سەر ماڵی مەجموعە صەحابەکیتکە بەشکو بیبیننەوە، لەو فەترەیەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەفقودە، چ صەحابییەك نەی گۆتییە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هاتیتە کنە من، کێندەرێ بووە؟ کەس نازانی، لە سەعات دوازدەی شەوێ هەتا فەترەی صەباحی سبەینێ تەحەڕیات لەناو مەککە موستەمیر بووە، لەچ کون و قوژبنەکی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەمایە لێی بگەڕێن، نەیان دیتتەوە، کێوە؟ کەس نازانی ئەمما (ويمكرون ويمكر الله والله خير الماكرين)، ئائەوەیە جەواب، لێرە ئەوە فەصلەکە لە مەوضوع.

فەصلەکیتکە مەرحەلەی دووەم ئەویش ئەوەیە زۆر جار ئەمە لە قوڕئان کە قوڕئان دەخنینن دەرێین پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هیجرەتی کرد، عیلمەن ئەو حالەتە لە بیدایەتی دەرس بەحسمان کرد

عینوانی دەرسی ئەورۆمان ئیخراج بوو، بەو صیغەیەی نییە کە ئەمە تێی گەیشتینە، قورئان نەوعەکیتکە طەرحی دەکا، جارێ کەلیمەی هیجرە مەربوطە بە سیاقی خۆی، وە کەلیمەکە هەندەسەی کەلیمەکە زۆر بە دەقیقی باری تەعالا دایناوە، وە ئەگەر بەو هەندەسیەتە وەرنەگیرێ ئەو فەوضایە دروست دەبی لە مێشکمان کە ئێستا هەیە، رب العالمین کە بەحسی هیجرەت دەکا لە قورئان لاحیق و سابیقی لەبۆ دانایە پێش و پاشی لەبۆ دانایە، لە هەموو قورئان جوملەتەن وە تەفصیلەن، فەرموویتی کە بەحسی هیجرە بەدەنی کردبی (الذین آمنوا) پاشان (وهاجروا) پاشان مەرحەلەی سێیەم (وجاهدوا).

تەقسیم دەبی لەبۆ دوو مەرحەلە (في سبیل الله بأموالهم وأنفسهم) (التوبة٢٠) ئائەوە بەو تەطابوقیەیەی هەر وەقتەکی موئمین نەیکا، آمنوا، وفقی ئیرادەی خوای لە قورئان مەوجودە نەیکا زەمینەی نییە ئەرضیەی نییە، هەرچی پاشی وی بینا بکا دەکەوی ئینهیار دەکا، چونکی بنی نییە دەبی ئامەنووەکە وەکی قورئانی مەوجود بی، پاشان ئەوجا مەرحەلەك دێ (وهاجروا)، هاجەرۆش هەر لە زەمینەی ئیمانەوە خۆی وەردەگری، هاجروا حالەکی ئیمانییە، ئیمان وە لەو ئینسانە دەکا ئائەو حالە لە ظاهیری خۆی دروست کا، ئەویش چییە؟ هەها لە بیدایەت بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەمر دەکرێ (والرجز فاهجر) (المدثر٥).

ئیذەن هەجر کردن حالەتەکە لە داخیلی ئینسان دەبی زەمینە و ئەرضییە هەبی بە ممارسە زۆر تیکرارو ئیعادە، ئەوە خراپە خراپە خراپە لە داخیلی فیعلەن ببیتە خراپ، کو خواردن دەخوا مراکی لۆ ناو دەوی دەبا، ئەوها دەبی قەناعات بینی ئەو شتە خراپە، فلان شت چاکە، چاکە چاکە لە داخیلی خۆی ممارەسەی خۆی بکا وەکی ناوی خۆی، کو ناوی خۆی قەت لە فکر ناچی، وەکی ناوی ئەو شتە چاکە، کە زانی ئەوە خراپە دەبی هەجر بکا، هەجرەکەش حالەکی ئیمانییە لە داخیل، یەعنی هەرچی وەسائیل هەیە هەرچی رێ هەیە کە لە رێ هەیە دەیبا لەبۆ ئائەو حالەتە خراپەی دەبی قەطعی کا لە داخیلی خۆی، لە داخیلی خۆی لۆیێ هەها لە موبایەعەی یەکەم پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە صەحابە موبایەعەی وەرگرت فەرمووی: (قال كنا عند النبی صلی الله علیه وسلم فقال « أتبایعوني على أن لا تشركوا بالله شیئا ». البخاري

پاشان فەرمووی چ؟ (ولا تزنوا) زەمینەکە لەناو داخیلە، زینایەکە ئەو شەهوەتە صەنەمە لە داخیل دەبی فیعلەن ئینسانەکە ئەو صەنەمەی لەداخیلی خۆی کە شەهوەتە وفقی ئیرادەی خوای نەهاتییە دەبی بیشکێنی، کە شکاندی ئەوجا لە واقیع زینا ناکا، ئەبەو نەوعەیە، هەموو گوناهەکان لە قورئان بەو تەسەلسولەیە، هیجرەت کردن دەبی فیعلەن ئینسان هیجرەتی خراپە بکا لە داخیلی، نەوعە ئینسانەکی تازەی لێ دروست دەبی، ئەو وەختی ئەوجا لە ظاهیر واز لە خراپەکەی دەینی.

عارەق خواردن خراپەیە، وجود کوڕەی ئەرض هەمووی دەزانی عارەق خراپە، ١٩٨٤/١٢/١ لە أمم المتحدة مونەظەمەی صحەی عالەمی سەد و چل و قسور دەرد و نەخۆشی بە ئیتتیفاقی هەموو عولەمای سەر کوڕەی ئەرض، ئی بایلۆجی و حەیاتیی، بەحسی ئەوەیان کرد عارەق خراپە، ئەمما لەبەرئەوەی مومارەسەی خراپی عارەق ناکرێ، حەتتا لە ئەوروپا و لێرەش، لۆیێ داخیلی ئینسانەکەی ئەرضیەی نییە دەشزانی خراپە ئەوجا دەیخوا.

جغارە، مونەظەمەی عالەمی لەسەر هەموو پاکەتەکی رەسمی نووسرایە، تحضیر رسمی التدخین ممنوع یضر بصحتك، هەر لەبن پاکەتی جغارەکەی نووسرایە، ئەوە ئەمرە دەبی هەموو پاکەتی جغارە هەموو شەریکاتی جغارە داخیل و خاریج هەمووی ئائەوەی تێدا بنووسی، لەبەر ئەوەش کابرا کە دەچییە کنی دختۆر جغارەی لەبەینی پەنجەکانیتی فیکەی لێدەدا و بەتووش دەرێ جغارەی مەکێشە خراپە، لۆ؟ چونکی لە ناو داخیلی خۆی مومارەسەی خراپی جغارەی نەکردییە، با هەر ئەزیەتیشی بداتێ، با هەر تووشی سەرەطانی ریئە و فلان و فلانی بکا.

ئائەو ئیمان ئەوهایە فیعلەن ئینسانەکە بە قەناعەت قەناعەتی هینا نەك عەن مەعریفە، مەعریفە شتەکیتکەیە کە رب العالمین بە سلبی بەحسی دەکا لە قورئان، کە ئیحساسی کرد ئەوە خراپە ئەوە رجزە دەبی هەجری کا، هەجرەکە مەوقعییە نە لەظاهیر، لۆیێ جەمعی موئمینین کە بەجێی مەلاهی و سینەمادا دەڕۆن هەر جوغڕافییەن جێیەکەی خۆیان دەگۆڕن ناچنە نزیك (ولا تقربوا)، دەبی هەجر کا، (والرجز فاهجر) (المدثر٥)، هجرا هیجرەتە ئەمما من نوع معین، یاخود دەفەرمووێ بەشەر ئینتاجی خراپە دەکا بە فکر بە دەست بە پێ، فەرمویتی: (واهجرهم هجرا جمیلا) (المزمل١٠) ئەو هەجرە لەبۆ بەشەر هاتییە، هەجری یەکەم لەبۆ مەواضیع و مادده و شت هاتییە، هەجری دووەم لەبۆ نەوعی بەشەر هاتییە، کە ئینسانەکە خراپە ئینتاجی خراپە دەکا بە فیکر و بە مادده، لۆیێ فەرموویتی (واهجرهم هجرا جمیلا)، مەقامی خاصی خۆی هەیە ئەو جەمیلەیە.

ئیذەن کەلیمەی هیجرە دەبی لە داخیل مەوجود بی حالەت بی، مەربوطە بە حالەی یەکەمی مەطلوب کە (آمنوا)، ئەوجا پاشان (وهاجروا) قیمەی ئەو هیجرەیەی لە قورئان بە تەغیری مەکان هاتییە جوغرافییەن لە جێیەك لەبۆ جێیەکیتکە لەبۆ سەببی ئیمانیی، ئەگەر ئەو هەجرەی یەکەم دروست نەبی، پاشی ئیمان هینان هەجری دوایی پاشان جوغرافییەن کابرا لە جێیەك نەقل دەبی لەبۆ جێیەکیتکە، لۆ ئیمان نییە لەبۆ ذاتی خۆیتی.

لۆیێ جموعی زۆر لە موسڵمانان لە موقەدیمە لە خطوطی ئەمامی جەبهە لە زەمانی حەربی عێراق و ئێران هەڵ دەهاتن دەچوونە جێی دی بە ناوی هیجرەت، لەوێ تووشی فیتنە دەبوو، لۆ؟ لەوی وابی کە ئەو تەغیرە جوغرافیەی دەکا هیجرەتە لۆ خوای، عیلمەن لەبۆ خۆی هیجرەتی دەکرد

نەكوژرێ، ئیمانیشی وفقی ئیمانی قورئان نییە، لۆیێ لە هەر جێیەكی كە دەچوو مەشاكیل یان لۆ خۆی ئیمانییەن یان لۆ غەیری دروست دەكرد، ئێذەن دەبی هیجرەت ئیمانییەن دروست بووبی، مەربوطە قاعیدەتەن لەبنڕا بە زەمینەی (الذین آمنوا) پاشان ئەوجا (وهاجروا)، هیجرەتی كرد ماددەتەن وە نەوعەن ئەوجا هیجرەی جوغرافی دەكا تەغەیری مەكان دەكا لە جێیەك لەبۆ جێیەكیتكە، چونكی ئیمان ئەوەی لێ دەوێ، چی ئەوەی لێ دەوێ؟ ئیمان.

ئەوجا پاشان مەرحەلەكیتكە دێ (وجاهدوا) نەفسی شت لە قورئان جوغرافییەتی كەلیمەی (جاهدوا) هەیە، (وجاهدهم به جهادا كبيرا) (الفرقان٥٢) (والذین جاهدوا فینا) (العنكبوت٦٩) مەقامی خاصی خۆی هەیە، ئەوجا كە ئەوە دروست بوو جاهەدوی نیهایەت كە قیتالە لە قورئان رب العالمین بە ناوی قیتال ناوی هاتییە، ئەوجا دێتە جێی (بأموالهم وأنفسهم)، لۆیێ بەعزە جار كە موسڵمانان تەرتیبەكەی قەلب دەكەن نەتائیجیشیان مەقلوب دەردەچی، ئائەو حالەتە لە داخیلی جموعی صەحابە مەوجودبوو، لە هیجرەی حەبەشەی یەكەم وە هیجرەی حەبەشەی دووەم، وە هیجرەی ئێستا كە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەمریان پێ دەكا هیجرەت بكەن لەبۆ یەثریب، جموعی صەحابە هیجرەت دەكەن سەبر سەبر بە دزی.

ئەمما خۆی ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەبی هیجرەت بكا؟ لە جەواب دەڵێین نەخێر، رب العالمین دەبی ئەمری پێ بكا دەرچە ئەتوو جێی خۆت بگۆڕە، لۆیێ ئەو حالەتە لە رەسولەك مەوجود بووە رب العالمین عیتابی لێ دەكا وە ئەو سوڕەتەش نەقل دەكا لەبۆ ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەتا پێغەمبەر صلی الله علیه دەرسی لێ وەربگری، ئەها دەفەرموێ: (ولا تكن كصاحب الحوت) (القلم٤٨)، (ولا تكن) وەكی وی مەبە، صاحب الحوت كێیە؟ حەزرەتی یونس.

باشە حەزرەتی یونس دەبی چی كردبی؟ لە سوڕەتێتكە دەفەرمووێ: الصافات (وإن یونس لمن المرسلین) (الصافات١٣٩) (إذ أبق إلى الفلك المشحون) (الصافات١٤٠)، كەلیمەی ئەبەقە بەس لەبۆ عەبد هاتییە، یەعنی پیاوەك بەشەر عەبدی هەبی بەوەی گوترایە ئەگەر بەجێی هێشت سەیدی خۆی بەجێهێشت ئیباقە، أبق عبد فلان من فلان من ید فلان، ئەو كەلیمەیە بەس لەبۆ عەبد هاتییە، یەعنی چ؟ یەعنی كأنە حەزرەتی یونس بەبێ ئەوەی سەیدی ئەمری پێ بكا هەرات، خودا ئەمری لەسەر نییە، ئائەو حالەتە ئیجابیی نییە لۆیێ رب العالمین موحاسەبەی دەكا سجنی دەكا، موحاكەمە دەكرێ سجنی دەكا لە جێیەك نەعاردە نە ئاسمان، لەناو زگی حووتی سجنی دەكا: (فلولا أنه كان من المسبحین) (الصافات١٤٣) (للبث في بطنه إلى یوم یبعثون) (الصافات١٤٤)، یەعنی حوكمی ئەبەدی درا بویێ سجنی ئەبەدی لە كێندەرێ؟ لەناو زگی حووت، لۆ؟ چونكی وفقی ئیرادەی خوای دەرنەچوو.

ئیذەن دەبی رەسول مەربوط بی بە ئیرادەی خوای جل جلالە، هەموو حەرەکات و نەشاطاطی وفقی ئیرادەی خوایە جل جلالە، لە گیرفانی خۆی دەرنایني، لۆیێ رب العالمین بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە حەزرەت دەفەرمی: (ولا تكن كصاحب الحوت إذ نادى وهو مكظوم) (القلم٤٨)، ئیذەن دەبی حالەتەکە مەوجود بی، رب العالمین ئەمر بە پێغەمبەری بکا صلی الله علیه وسلم فەرموو ئەتوو لێرە دەورت نەما، هەرچی جوهد و هەرچی زەمەن لێرە صەرفیکەی فایدەی نییە چیدی ئەتوو، عیلمەن ریسالەت هەیە دەبی بچیە جێیەکیتکە، لۆیێ دیسان لە هەموو قورئان بە نسبەت پێغەمەری صلی الله علیه وسلم ئەگەر هاتبی کەلیمەی ئیخراج هاتییە، ئەها: (إذأخرجه الذين كفروا) (التوبة٤٠) ئیخراجە: (ثاني اثنين إذ هما في الغار) ئەگەر خودا مەجال بدا دێینە سەری ئەمری پێ کرا ئیذەن ئیخراج ببی.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەرچی نەك هیجرەت بکا، جولی صەحابە هیجرەتیان کرد، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەبی ئیخراج دەکرێ، دەبی وفقی ئەو خروجەی دەرچی: (وإذ يمكر بك الذين كفروا ليثبتوك أو يقتلوك أو يخرجوك) (الأنفال٣٠) دیسان کەلیمەی ئیخراجە، ئەو حالەتە ئەمری پێ دەکرێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەقل بی جوغرافییەن لە مەککە لەبۆ یەثریب، ئەمما دەبی فیعلەن خەریطەی ئەو رەسولە عەظیمە موسبەقەن نەبووبی، سبحان الله بڕۆ ناو عومقی قورئان تەماشا دەکەی ئەو پێغەمبەرە نازدارە لەبەر ئەوەی وفقی خەریطەی خوایی تەعامولی کردییە لە قیممەی عەقل و ئیدراك تەنفیذاتی بووە، کأنە هەرچی عوقەلاء و حوکەماء و عولەمائی زەمەن هەیە هەمووی جەمع بووینە ئەوجا ئائەو حالەتەیان لێ دەرچووە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کردیتی.

جارێ کە دەزانی ئەمری لۆ دێ بە ئیخراج پێشی وی بە چار مانگ بە حەزرەتی ئەبوبەکر دەفەرمووێ خۆت ئیستیعدادکە خۆت ئیعدادکە لەبۆ مەرحەلەی ئاتی، ئەبوبەکر هەرچی ئەجواء هەیە لەبۆ ئەو مەوضوعەی تەهیئەی دەکا، مەثەلەن دوو حەیوانی چاك دەکڕی چار مانگی رەبەق دایدەبەستی تێری دەکا بە قووەتیان دەکا تەدریبیان پێ دەکا، لۆوەی فیعلەن ئەگەر دەرچوون حەیوانیان هەبی، بەپێ دەرنەچن، ئەگەر جێیەکەش چەند کیلۆ مەتر بی پاشان موسبەقەن خەریتە دادەندرێ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئێستا مەطلوبە، موئتەمەری پەرلەمانی قورەیش طوارىء ئیعلان کرا نەتائیج قەتلی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەر ئێستا مەوجود نییە دەبی پێغەمبەر جەلب بکرێ بهێندرێ لەهەر کێندەرێ بی.

لۆیێ بە رۆژ ئیعلان کرا لەناو بەیت: (من يأتي بمحمد حيا أو ميتا له مائة ناقة)، هەرکێ پێغەمبەر بە مردیاتی بە زیندیاتی بینی سەت سوپەری هەیە، سەت سوپەر، لۆیێ هەرچی عەرەب هەبووە لە مەککە لە خاریجی مەککە کە خەبەری پێگەیشت هەمووی بەڕەڵا بوو لەناو صەحڕای، عسی ولعلی،

سەت سوپەر! خۆی و حەفت نەوەی پاشی خۆی هەمووی هەر پێدەژی، ئەمما (ویمکر الله) لەسەر عارد ئەو رەسولە عەظیمە خەریطە دەکێشی، چونکی لەسەر عارد ئیش دەکا لۆیێ یەکسەر ئەمری کرد بە حەزرەتی ئەبوبەکر عالیمترین زیرەکترین ئینسان ببینەوە کە فیعلەن ڕێ بناسی، نەفەرەکیان گرت بە پارە پارەکی زۆر ناوی عبدالله بن ئەریقەد بوو، داهییە بوو لە زەمانی خۆی، وەعدیشیان لێ وەرگرت کەینێ ئیشمان پێت بوو دێی لە گەرمان دێی مەوعیدی موتتەفیقیش لۆت تەحدید دەکەین، لەگەر جێیەکەی زەمانەکە و مەکانەکەی دێی تەماسمان پێ دەکەی، ئەویشیان تەئمین کرد.

باشە ئەدی ئەو مەسافەیە موحتەمەلە ئەو جێیەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لۆی دەردەچی جێیەکی دوور بی، عیلمەن مەطلوبە حەییەن ئەو مەییتەن، لە کێهان گوندی دانیشت لۆ ئیسڕاحەت یەکسەر کەلەمچەی دەکەن و تەسلیمی ئەبولەهەب و ئەبوجەهلی دەکەن، ئیذەن نابی لە هیچ گوندەکی لابدا بەشکو هەرچی بەشەری لێ مەوجودە دەبی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆی لێ دوور کا، باشە خۆ لە ئاسمانێ رزقی لۆ نایەتە خوارێ، ئیذەن دەبی تەئمینی رزقیش بکا، خواردن، باشە ئەگەر مەسافەکە مانگەك بوو؟ دەبی تەئمینی رزقی یەك مانگی بکا، تەئمینی رزقی ئاوی یەك مانگی بکا، تەئمینی حیمایە بکا، ئەوانە هەمووی لە ضمنی خەریتەی پێغەمبەریە صلى الله عليه وسلم عەقلی.

لۆیێ هەر رۆژی دووەم کە ئیعلان کرا: (من يأتي بمحمد حيا أو ميتا) لە سەعات دوازدەی شەوێوە پێغەمبەر مەفقودە هەتا دوازدەی نیوڕانێ کەس جێێ پێ نازانی، فوجئەتەن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە دەمامك کردن لە پێش دەرکەی ئەبوبەکری مەوجود بوو، لە دەرکە دانیشی لە دەرکە دانی پێغەمبەریە، لە دەرکە دانەکی خاصی خۆی هەبوو، عائیشە و ئەوانە کە مندار بوون پێیان دەزانی، ئەمما تەماشای سەعاتی دەکەن ئەوە وەختی هاتنی پێغەمبەری نییە، باشە لە دەرکە دانەکەی ئی پێغەمبەریە ئەمما وەختی هاتنی پێغەمبەری نییە، پێیان تەعەجوب بوو.

ئیذەن حالەتەکە خەتەرە، پێغەمبەر بی لەبۆ شتەکی خاص هاتییە وە موهیمیشە، کە دەرکەیان کردەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەمامکی کرد یەکسەر هاتە ژوورێ دەمامکی کردەوە یەکسەر بە ئەبوبەکری گۆ دەریان بینە ئەوانە، ئەوانەی مەوجودن، کێ مەوجودە؟ عائیشەیە (عبدالله)ی کوڕیتی (عبدالرحمن)ە، پیرە بابەکەیتی دوو چاوی کۆرە، گۆتی یا رسول الله کێنە ئەوانە هەموو ئەهلی خۆتن، یەعنی ئەوها موسیر بوو لەسەر کتمانی سڕ، لەسەر عەدەم کەشف کردنی خەریطە، حەتتا ئەو منداڵانە پێنەزانن، فەرمووی باشە حازرە هەموو شت؟ بەلێ حازرە، چ حازرە؟ خواردن حازرە باشە خواردن ئێستا ببەن کێ دەرێ تێك ناچی؟ چونکی ئەوان زەمەنییان پێدەوێ، بارە و دەبی بە سوکیش بڕۆن، خواردنی مانگەکی موحتەمەلە ببتە باری قورس پێیان هەرنەگیرێ.

ئیذەن دەبی ئەو خواردنە ڕۆژ بە ڕۆژ بیانگاتێ، ڕۆژ بە رۆژ بیانگاتێ خواردن، باشە کێ خواردنیان لەبۆ ببا؟ تەعین کرا ئەسماء، ئەسماء کچی ئەبوبەکرییە، حامیلەیە لە مانگی هەشت، لۆش ئەسمائیان دانا عیلمەن عبداللە مەوجودە عبدالرحمن مەوجودە، عبداللە موسڵمانە، لۆ ئەسمائیان دانا؟ لۆوەی فکری قوڕەیش قوڕەیش زیرەکە شەیطان مەوجودە عەقلی دەداتێ، فکری قوڕەیش لۆوەی نەڕوا کە عبداللە لە بن هەنگلی شتەك هەیە بڕوا ئەوانیش بەدوی کەون موتابەعەی بکەن، حەتمەن دەزانن عبداللە دەچی لەبۆ ئیشەکی بابی، بابیشی موڕافقی (محمد)یە صلی اللە علیە وسلم، ئیذەن دەگەنە جێی (محمد)ی، ئەمما ئەگەر ئەسماء بەو حالەتەی دەرچی حەتمەن لەبۆ حالەتەکی زۆر ضەڕوری دەردەچی، چونکی لەناو عەرەب عەیب بوو لەو مانگە ئەخیرانەی ئافرەت بە حەمل دەرچی، تەئمینی ئەوەیان کرد موتابەعە ناکرێ ئەسماء.

عیلمەن جێیەکەش کە داندرایە غاری ثەورە، جوغرافییەن زەحمەتترین جێیە إن شاءاللە خوا بە نسیبتان دەکا دەچن دەیبینن، لە قیممەیە لە چیای هەتا پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم خۆی گەیشتەوێ قومپانییەکانی هەمووی صلی اللە علیە وسلم شەق شەق بوو هەتا گەیشتە وێ، باشە فکیف ئەو ئافرەتە بەو حەملەش بەو ماندی بوونییەی بەو هەموو بارەش دەگاتە وێ؟.

دیسان تەوفیقاتی رەبانییە باشە ئەوە ئەسماء خواردنی برد، ئەدی ئەوە لەو غارەی لەو جێیەی کە خاریجی مەککەیە نابی ئەخباریان لەبۆ بچی، رادیۆنیان نییە خەریطە و خوطەطی کوفر چییە بیان گاتێ لۆوەی ئەوانیش وفقی وەی خەریطە دابنێن، ئەویش دەبی کێ لۆیان ببا؟ عبداللە، عبداللە گچکە بوو چ وەختەکیش بچی پاش عیشایێ، پێش نوێژی سبەینێش بگەڕێتەوە، وە لە مەککەی بنووی نەوەك ئیحساس بکرێ فیعلەن ئەوە ئەخباری بردییە، چاکە ئەوە ئەخباریش تەئمین کرا، باشە (من یأت بە حیا أو میتا) سەت سوپەری وەردەگری ئەو عالەمە هەموو موتابەعە دەکا، ئەوە ئەسماء چوو جێی پێی دیارە، عبداللە چوو جێی پێی دیارە، جێی پێی وانە کو کەشف نابی، خوبەڕاء دەینن سەت سوپەرە مەوضوع بابیست سوپەر بڕوا هەشتای دەمینێ لۆ کابرای، ئەویش ئەبوبەکر صدیق رەضای خوای لێبێ مەجموعە حەیوانی هەیە شوانیشی هەیە، ناوی عامڕ بن فهیرەیە کە ئەسماء دێ خواردنی دەینی عامڕ بن فەهیرە خۆی و حەیوانی بەدووی دادێ، جێی پێیەکانی بسڕی کە دەگەڕێتەوە دیسان جێی پێیە کانی بسڕی، عبداللە دێ دیسان ئەو بەدووی دەکەوی جێی پێیەکانی دەسڕی دەگەڕێتەوە دیسان جێی پێیەکانی دەسڕی، ئائەوەیە عەقلی رەببانیی، ئیمان ئەو حالەتە دروست دەکا، واللە ماعەدای ئیمان ئەو عەقلە دروست ناکا.

قەناعەتتان هەبی ئەو ئیمانەش وفقی قوڕئان و بەس، ئیمانی ناو کوتوب فاییدەی نییە، ئیمانی ناو قوڕئان، ئەبەو نەوعەی سێ شەو و سێ ڕۆژی ڕەبەق خۆشەویست صلی اللە علیە وسلم لەگەل

موڕافقی خۆی لەناو غاری ثەورن چیایەکی برند، ئەمما ئەوانە هەمووی حلولی بەشەرییە ئەرضییە، ئەدی رب العالمین دەبی خۆی ئیمداداتی هەبی ئیمدادەکانیش دەزانن لەبۆ کوفر نەبووە لەبۆ بەنی قوڕەیش نەبووە، لەبۆ ئەبوبەکر بووە ئەبوبەکر موشکیلەی هەبووە لەناو غاری ثەور، رب العالمین لەبۆمان نەقل دەکا دەفەرمووێ: (إلا تنصروه فقد نصره الله) (التوبة٤٠)، هەرلە بیدایەت (إذ أخرجه الذین کفروا ثاني اثنین إذ هما في الغار إذ یقول لصاحبه لا تحزن) نالێ لا تخف، لاتحزن غەم مەخۆ: (إن الله معنا) (فأنزل الله سکینته علیه) سبحان الله رضي الله عنهم و أرضاهم کەلیمەی یەعنی ئەو ئایەتە کە دێتە خوارێ رب العالمین حالەتی ئەبوبەکر تەصویر دەکا داخیلی ئەبوبەکر، عسی ولعلی خوانەکا چونکی ئەبوبەکر هەر لەناو ژورێ گووتی یارسول الله هەر نەفەرەك لەو مەجموعانە، طەبعەن عەرەب گەیشتنە پێش دەرکەکەش تەماشای نەعلی خۆی بکا دەمان بینی هەر بەس تەماشاکردن، غارەکە دەرکەی زۆر گەورەیە إن شاءالله خوا بە نسیبتان دەکا و دەیبینن.

قوڕەیش نییە زۆر یەعنی ئەوەی لە ژۆرێ بی نزیکە دەبیندرێ، ئەبوبەکر لەوەی دەترسا کەشف ببن، کە کەشف بوون پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حەتمەن دەیکوژن، کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم شەهید بوو ئیذەن هەموو بەشەرییەت هەموو وجود ڕاوەستا، سوننەی کەونی و سوننەی شەرعی خەلەلی کەتێ، ستۆپ دەکا، چونکی ریسالەی کەون بە واسطەی ریسالەی ئیستیمڕاڕییەتی ریسالەی (محمد)ە صلی الله علیه وسلم، کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وجودی نەما کەون نامینێ، حیسابی ئەوەی دەکرد نەك بەس جەمعی موئمینین و صەحابە و ئەنصاڕ و موهاجرین مەحڕوم دەبن، ئیننەمما هەموو وجود و بەشەرییەت هەموو ئەحیاء هەموو کەون مەحڕوم دەبی لە ذاتی ریسالەی محمد صلی الله علیه وسلم، لۆیێ غەمی دەخوارد.

لۆیێ رب العالمین بەو نەوعەی تەصویر دەکا و لەبۆ هەموو ئەجیال لەناو قوڕئان نوسیتی و خەتمی کردییە، هەتا بەشەرییەت و موئمین لەسەر وجود بمینێ ئەو حالەتەی تیکرار و بخیننەوە، پاشان: (فأنزل الله سکینته علیه وأیده بجنود لم تروها)، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەر کە چاوی برند کرد، مەلائیکەت دەبینی ئەو صلی الله علیه وسلم فەرمووی: قال قلت للنبی صلی الله علیه وسلم وأنا فی الغار لو أن أحدهم نظر تحت قدمیه لأبصرنا. فقال « ما ظنك یا أبا بکر باثنین الله ثالثهما »البخاری. فەرمووی والله دەبینم ئەوە ملائیکەتە باری هاویشتتە سەر غاڕی ثەور، ترست نەبی غەم مەخۆ نەك ترست نەبی گۆتی غەم مەخۆ.

پاشی وی پاشی سێ شەو و سێ ڕۆژ بەو نەوعەی، خواردن بەو نەوعەی، حەتتا کە دەچو عامڕ بن فەهیرە حەیوانەکانی دەبرد، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەمری دەکرد بە ئەبوبەکر بڕۆ شیریان لێ بدۆشە، شیریشیان دەخوارد، مورتاح بوون، یەعنی غیذائی کاملیان دەخوارد مەوجود بوو یەعنی

هەموو ئەبعادی بەشەریی حەتتا صحییەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حیسابی لەبۆ کردییە، پاشی وی ئەوجا لەگەر کابرای ڕێناس عبدالله بن رەیقەد مەوعیدیان هەیە، یەکسەر پەیا بوو خۆی و دوو حەیوانەکەش دوو حەیوانەکە درابوو وی بە ئەمانەت، هینای گۆتی بە پێشم کەون ڕێڕەوی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کێندەرە؟ حەتمەن قوڕەیش دەزانن لەبۆ مەدینەی دەچی، چونکی لەوێ دەولەتی دامەزراندییە، ئەمما پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم طەڕیقەی گۆڕی لە جیاتی لەبۆ شیمال بچی لەبۆ جنوب چوو، ئەوانیش بە هەموو قەناعەتیان دەچیتە مەدینەی مەدینەش لە شیمالە، شیمالی مەککەیە، لۆیێ زۆر بە عومق داچوون ئەمما پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە پشتڕا سوڕاوە بەو ڕێیەی داچوو کە زەحمەتترین ڕێیە، ناخۆشترین ڕێیە، ئەمما بە حیمایە و ریعایەی رەببانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موستەمیر بوو لە قەطع کردنی ڕێ.

لەو ڕێیە تووشی بەعضە شتان بوون، مەثەلەن: کە خەبەرەکە نەشر بوو ئیعلامی قوڕەیش بە ئیذاعە و تەلەفزێون و بە ڕادیۆ و هەمووی نەشر کرد، سەد سوپەر کەم نییە گەلەك زۆرە، هەرچی گوندەکان و ئەحیایی خاریجی مەککە لە حدودی مەککەش کەمتر بوون ئەوان ئەوانیش خەبەریان گەیشتێ، تەقریبەن دوو سەدو قسور کیلۆ مەتر لە خاریجی مەککە حەییەك هەیە مەجموعە عارەبی لێنە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەسەر حدودی دەریای سوور (بحر الاحمر)دا دەڕوا لەبۆ مەدینەی.

نەفەرەك لە خاریجی مەنطیقەی خۆیان بوو تارمایییەکی دیت یەك دوو زەلامە دەڕوا، یەکسەر والله هات لە مەجلیسەکەی دانیشت گۆتی، مەجلیسیان هەبوو دیارە، گۆتی (والله)ی تارمایییەکم دیت ئەوە کێ دەرێ محمد نییە، لەوێ نەفەرەك دانیشتبوو عاقل بوو گوتی نەبابە ئەوە قەومی فلانن بزانە حەیوانیان بزربووە لە حەیوانی دەگەڕێن، بەو گەرمایەی بەو هاوینەی کێ لە محمد کو بێرە دادێ، محمد هەر فەوتایە ئێستا، ئەمما کابرا زیرەك بوو ناوی سوڕاقە بن مالیکە صەحابییە، پاشان طەبعەن دەبتە صەحابی، یەکسەر خۆی ذیکرەیاتی خۆی دەگێڕتەوە دەرێ پاشان وەکی کابرا وەی گۆ قیچەکی کە دانیشتم هەموو خەبەرەکەیان لەبیر چوو، سەبر سەبر خزیم لە مەجلیسەکەی هاتمە دەرێ.

بە خێزانەکەم گۆ گۆتم بڕۆ حەیوانەکەم لاولای لۆ ڕاگرە، بە خادیمەکەشم گۆتم ئەوە شیرو ئەوە زرێو ئەوانە ئەتووش بەو لایەی دابڕۆ، گۆتی بە فیکە فیك سەبرسەبرە ئەمنیش لە مارێ چوومە دەرێ کأنە دەچمە لای بازاڕی، لای جێیەکی، چووم لەوێ سواری حەیوانەکە بووم ئەسلیحە و زرێیەکانیشم هەموو لەخۆ بەستاو بەرێ کەتم لۆ پێغەمبەری، هەرێ هەرێ هەرێ نزیك بووم نزیك بووم لە غافلەتی چ لەگۆڕێ نەبوو نەتەشك نە برندایییەك والله لاقی حەیوانەکەی خزییە ناو لیمی، کەت، هەستامە پێوە برندم کرد دیسان سوار بۆوە دیسان چەند مەترەکیتکە کەت، دیسان سوار بۆوە

نزیکی بوو دیسان حەیوانەکە پێخستی، ئەوجارە گۆتی هاوارم کرد یا محمد ئەمانم بدێ بتگەمێ بەس، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم رووی تێ دەکا دەرێ بابێ.

دێ سوڕاقە دەرێ طەبعەن ئەو ئەمانی لە پێغەمبەر دەوێ ها نەك پێغەمبەر ئەمانی لەوی بوێ، ئەو دەرێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەرێ وەڕەقەکم لۆ بنووسە چم لێ نەیێ وەکی دەگەڕێمەوەش، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە ئەبوبەکری فەرموو شتەکی لۆ بنووسە، ئەبوبەکریش کەرتە جلدەك لەوێ هەبوو شتەکی لۆ نووسی، گۆتی بگەڕێوە ئەمما گۆتی مادام تەئمینت کردم شەرتبی ئەمنیش تەئمینی توو دەکەم، مادام وایە مادام چم لێ نەهات دەزانم ئەتوو موئەییەدی لە خواوە ئەمما هەرکێ پرسی چ بڵێم؟ گۆتی: (ظلل عنا) هەرکێ پرسی بەدووری بێخە، بە دومان نەکەون.

گەڕاوە فیعلەن لە غەزوەی حونەین پاشی بە هەشت ساڵ لە غەزوەی حونەین پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەسەر ئەسپیە دەیەوێ بگەڕێتەوە، پاشی حادیثەی بە هەشت ساڵ، سوڕاقە دەڵێ ویستم نزیك پێغەمبەری بکەوم صلی الله علیه وسلم نزیك بووم لێی صەحابە نەیان دەهێشت بە رمحی پاڵیان پێوە دەنام، گۆتی هەرخۆم گەیاند یەکسەر گۆتی خۆم گەیاند و وەڕەقەکەم پیشاندا، گۆتی یەکسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی بەڵێ بینە، وەڕەقەکەی لێ وەرگرت پارچە جلدەکەی لێ وەرگرت گۆتی: (الیوم یوم الوفاء) ئا سوڕاقە ئیمان بینە سیواڕی کیسرات لەبۆ تەئمین دەکەم، سیوار یەعنی بازن، کیسڕا بازنی هەبوو، پان ئەستوور، بەس ئیمان بینە ئائەوەت لەبۆ تەئمین دەکەم.

لە زەمانی ئیمامی عومەڕ کیسڕا سقوتی کرد، سوڕاقە یەك لەوان بوو چووە ناو لەناو جەیش بوو، هەبوو چووە ناو ماڵی کیسڕا، یەك لەوانە بوو خۆی گەیشتە کوشتنی کیسڕا خۆی موشارەکەی کرد وە یەك لەوانە بوو کە سیوارەکانی کیسرای لە دەستی دەرهینا، خۆی لەبیری چوو بوو صەحابەك لەوێ گۆتی ئەهۆ یا سوڕاقە بەفکرت دێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فلان رۆژی لە فلانە جێ ئائەو وەعدەی دایێ، ئەوە نبووەتە، ئائەوەیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە پێش چاوی هەموو لەقەتاتی زەمەن مەکشوفە، سوڕاقە دەبینی تەصویرییەن چ حالەتەکی بەسەر دادێ، دەی سەبر سەبر سەبر یەك لەو مەقاطعانەی ناو حەیاتی ئەوەیە: سوڕاقە خۆی دەچی لەناو ماڵی کیسڕا لە دەستی کیسڕا سیوارەکان لێ دەکاتەوە لەناو دەستی خۆی دادەنێ، بەس پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موجەڕەد ئەوەندەیە بەشارەتی دەداتێ، نەخۆ حالەتەکە هەردەبی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوها بەچاوی خۆی حەقیقەتەکەی هەمووی دەبینی بە تەسەلسول.

ئائەوەیە ئیمان، وە فیعلەن ئەو حالەتە لە موئمینینیش دروست دەبی، چونکی ئەوە ئایەتە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەرێ دەکەوی لە تەڕەفەکیتکە دەگەنە مەنطیقەك خەیمەك لێدرایە پیرێژنەکی تێدا دانیشتییە، بەشوشە، حەیوانەکیش لە ژۆرێ لە پەنای خەیمەی ئەویش لە برسان ولە ماندیبوونان

کەتییە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە گەیشتێ یەکسەر سەلامی کرد لەوێ قیچەك ئیسراحەت کەن، دانیشن فەرمووی چتان نییە بماندەنێ، فەرمووی: (یا وجە الوضاء) ئەی دەمووچاو رووناك، ئافرەتە طەبعەن نازانی ئەوە پێغەمبەرە، بەس پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەمووچاوی نورە، (جاءکم من الله نور وکتاب مبین) (المائدة١٥)، (جاءکم من الله نور ئەوجا وکتاب مبین)، ئەو ئافرەتە بە ئومییەتی خۆی کەشفی ئەوەی کرد، فەرمووی نەخێر نیمانە بەس حەیوانەکمان لە ژۆرێ هەیە ئەویش بەستەزمانەی هەم نەخۆشە هەم زۆریش لاوازە، فەرمووی بە ئەبوبەکر ئەگەر ئیزن بدا بیهینە سەحبی کە ئەو حەیوانەی، ئەبوبەکریش ئیزنی لێ وەرگرت لە ژنەکەی، پیرێژنەکەی گوتی ئا بیبەن دەزانی چی پێوە نییە.